# تروووسکاییەک لە تەم

د. ژیلوان تاهیر
(زانکۆی سەلاحەددین - ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان)

**ئەکتەرەکان:**
١- باوک
٢- کچی گەورە
٣- کچی ناوەندی
٤- کچی بچووک
٥-پیرەژنی جادووکەر
٦-بووک (بێوەژن)
٧-گەنجێک
٨-(٣) پۆلیس



تەختەی شانۆ لە ماڵێکی ئاسایی پێک هاتووە، لە بەشی دواوەی شانۆ، دوو ژووری نووستن بە تەنیشت یەکەوە دیارن دەرگا و پەنجەرەکانیان ڕێک بەرانبەر بینەرانن، لە ناوەڕاستی شانۆش هۆڵێکی کراوەی فراوان دیارە، لەلای ڕاست پەنجەرە و دەرگای چوونە دەرەوە و لەلای چەپیش باخچەیەکی بچووک هەیە، هەر لەناو هۆڵەکەدا تاخمێک قەنەفەو چەند تەبڵەیەک دانراوە.

**دیمەنی یەکەم**

سەرەتا گوێمان لە موزیکێکی خەمناک دەبێت، کە شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، دەبینین سێ کچ بەنارێکی هەر یەکە و بە بێزارییەوە لە حاڵەتێکی ماتەمینیدا دەژین، لە هەمان کاتدا گوێمان لە پرخەی خەو دەبێت کە باوکەکەیانە و لە ژووری نووستنی لای ڕاست نووستووە.

**کچی گەورە:** مردنی دایکمان، مەرگی زیندووی ئێمەیە.

**کچی ناوەندی:** دایە گیان بێ نازت کردین، لە دوای کۆچی ناوادەت کە ئەوە ساڵێک بەسەریدا تێپەڕ دەکات، باوکمان لە ناو چوار دیواری ئەم ماڵە ساردوسڕەدا بەندی کردووین، ژیانێکی زۆر تاڵمان هەیە، تیشکی خۆرمان بەرنەکەوتووە.

**کچی بچووک:** باوکمان چۆن بە خەموخەفەت تۆی لە گۆڕنا، بەهەمان شێوەش دەیەوێت وەکو مۆم بمانتاوێنێتەوە.

**کچی گەورە:** جا دایکی داماومان تا لە ژیاندا بوو، هیچ خۆشییەکی نەبینی! باوکی دیکتاتۆرمان بەردەوام هاواری لەسەر دەکرد و هەڕەشەی لێ دەکرد، جاری واش هەبوو لێی دەدا، بەڵام دایکمان لەبەر خاتری ئێمە بەرگەی ئەم ژیانە تاڵەی دەگرت.

**کچی ناوەندی:** من هەر ئەو دوعایە دەکەم، دەڵێم ڕەببی ئەوجارە تووشی بە تووشی ژنێکی هاروهاج بێت، قەیسەری لێ بکاتە کونە مشک و یەک سات لێ نەگەڕێ بحەسێتەوە و لە کۆڵ ئێمەش ببێتەوە.

**کچی بچووک:** زۆر سەیرە، هەر دەڵێی گۆشتی سەگی هاری خواردووە، بەردەوام هاوارمان لەسەر دەکات، خۆزیا لە جیاتی دایکمان، باوکمان بمردایە، ئەوکاتە دایکی شێرە ژنمان جێی باوکمانیشی دەگرتەوە.

**باوک:** (لەو وتووێژەدا بە خەبەردێت، چرای ژووری نووستنەکە دادەگیرسێنێ و چەند جارێک دەپژمێ و بەرەو لای کچەکانی دێت، کراس و بێجامەی لەبەرەو کڵاوێکی لەسەرە) ئەوە چییە دەنگە دەنگ و بۆڵە بۆڵتان دێت، وەکو جنۆکە هەر دەمتان دەجووڵێتەوەو کەسیش لێتان تێ ناگات، چیدی ڕازی نابم گلەیی و گازاندە بکەن و ناڕەزایی دەربڕن، وەکو پێم گوتن و سەد بارەی دەکەمەوە، ئێمە پرسەدارین، دایکی ڕەحمەتیتان تازە ساڵێک بەسەر مردنەکەی تێپەڕیوە، هێشتا کفنەکەی زەرد نەبووە، بە هیچ شێوەیەک نابێت سەیری سەتەلایت بکەن، یان پێ بکەنن و زەردەخەنە بەسەر لێوتانەوە ببارێ، یان جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ بپۆشن، دەبێت قەدری مردووان بگرین، ماتەمینی درێژخایەن، ڕێز گرتنە لە مردووان.

**کچی گەورە:** ئەوە دایکمان مرد و خوا لێی خۆش بێ، خۆ دەبێت ئێمە بەردەوامی بە ژیان ببەخشین و جموجووڵمان هەبێت و ئەرک و فەرمان جێبەجێ بکەین و کارێکی واش بکەین، شوێنە بەتاڵەکەی دایکمان پڕ بکەینەوە، هەرچەندە دایکی ڕەحمەتیمان شوێن و مەکانەی دیار بوو، چرای ماڵەکەمان بوو.

**کچی ناوەندی:** وا خەریکە لە ژوورەوە دڵمان دەتەقێت بۆ لێ ناگەڕێی بچینە دەرەوە، تۆزێک هەوای دەرەوە هەڵمژین و چاومان بە کەسوکار و دۆست و برادەرەکانمان بکەوێ.

**کچی بچووک:** تۆ زیندوو کوژی مردوو پەرستی، هەتا دایکمان مابوو، هەناوت خواردبوو، بەهیچ شێوەیەک ڕێزت لێ نەدەگرت، ئێستاش دەتەوێ بە دەردی ئەومان ببەی، تکات لێ دەکەم وامان لێ مەکە بیر لە خۆکوشتن بکەینەوە، یان خۆمان بسووتێنین، یان خۆمان دەرمان خوارد بکەین، بە تەواوی بێزارت کردووین، سەیری ڕەنگ و ڕوومان بکە، هەر دەڵێی خۆڵی مردوومان بەسەردا کراوە، وامان لێ هاتووە توانایی بیرکردنەوەشمان نەماوە.

**باوک:** ئەم وڕێنە و سەردولکە و ئاخ و ئۆفەتان بە هیچ شێوەیەک سۆزی من ناجوولێنێ، ئێوە دەتانەوێت، هەر من باجەکەی بدەم، هەر من بە تەنیا خەموخەفەت بخۆم و ئێوەش بە ئارەزووی خۆتان، هەر بە هەوای جاران بێن و بچن و لە کەیف و سەفای خۆتان نەکەون، ئەوە دایکتان مرد، جاران لەگەڵ جاران ڕۆیی، من دەتوانم خۆم لەم بارودۆخە ڕزگار بکەم، بەڵام ئێوە ناتوانن، بۆ نموونە من دەتوانم ژنێکی تر بهێنم، بەڵام ئێوە تا ماون هەر دەبێت قوڕی دنیا لەسەری خۆتان بنێن، چونکە ئەو دایکتان بوو، دایک جارێکی تر نابێتەوە، نامەوێ زیاتر لەسەر ئەم باسە بدوێم، من سەر و دڵم گیراوە، دەچمە ژووری چێشتخانە جگەرەیەک دەکێشم و هەندێک خواردنتان بۆ ئامادە دەکەم، نامەوێ چیتر گوێم لە دەنگتان بێت (دەڕوات).

## دیمەنی دووەم

(دەنگی گرمەگرمی هەور دێت، جووڵەی تیشکەکانی ڕووناکی و هەورەتریشقە ئاوێتەی یەکتر دەبن.. باران بە لێزمە دەبارێت.. هەر سێ کچەکە چەترەکانیان هەڵدەدەن، بە خەیاڵ وای دادەنێن کە لە وێستگەی پاسدا وەستاون)

**کچی گەورە:** حەزناکەم پاسەکە زوو بێت، حەز دەکەم هەندێکی تر دواکەوێت، تاکو زیاتر لە ژێر چەترەکەدا، دەستەکانم دەربێنم و یاری لەگەڵ باراندا بکەن، باران فرمێسکی هەورەکانە بە سۆز و میهرەبانییەوە دەبارێت، ئەو ساتانەی کە باران دەبارێت، هەست بە پاکبوونەوەی ناخم دەکەم، هەست بە نوێبوونەوە دەکەم، هەست بە جوانی سروشت و دیمەنە جوانەکانی شار دەکەم، تابلۆی جوان دەبینم، هەست بە لە دایکبوونەوە دەکەم.

**کچی ناوەند:** ئەگەر پاسەکە بهاتایە، یاریم لەگەڵ کاتژمێرەکەم دەکرد، چرکەکانم دەژمارد تاکو زوو بە زوو بگەمە هاوڕێکانم کە ئەوانیش ئێستا بە پۆل چەتریان هەڵداوەو لە شەقامی کۆڕنیش پیاسە دەکەن و بە کۆرس گۆرانی دەڵێن، پاشان دەچن بۆ کافتریای ئۆرەنج، شەربەت و کاستەر و نیسکافی دەخۆنەوە، دڵنیام تەنیا چاویان بەمن بکەوێ، لە ئامێزم دەگرن و تێر تێر یەکتر

ماچ دەکەین، ئای کە چەند بیریان دەکەم، ئەوانیش بەهەمان شێوە، ئەی پاس زووبە خێراکە لە شەقەی باڵەکانت بدە، تا زوو بە جێی ژوانی هاورێکانم بگەم.

**کچی بچووک:** ئەگەر پاسەکە بێت، من لە پێشەوە دادەنیشم، تاکو بەجوانی شەقام و بازاڕ و چەتر هەڵگرەکان ببینم، لەسەر پردەکانەوە وێنەی شەپۆلەکانی ڕووبار ببینم کە چۆن سەمای باران دەکەن، دەچم بۆ لای پاکیزەکان تا بزانم لەو وەرزەدا چۆن نزا و پاڕانەوە دەکەن، چۆن دەست و پەنجەکانیان بەرەو ئاسمان بەرز دەکەنەوە، باران پاکبوونەوەی ڕوحە، پاکبوونەوەی جەستەیە.

**باوک:** (سینییەکی بە دەستەوەیە، سێ قاپ شۆربای تێدایە و بەسەریاندا دابەش دەکات) ئەم شۆربایە بخۆن تا گەرووتان نەرم بکاتەوە، ئێوە زۆر قسە دەکەن، ئەم خواردنە باشترین دەرمانە.

**کچی گەورە:** هەر دەڵێی سەربازگەیە، شۆربا و شۆربا، ئەم شۆربایە نەبڕایەوە، من شۆربام لەبەرچاوکەوتووە، نامەوێ چیتر چاوم پێی بکەوێ.

**کچی ناوەندی:** ئێمە شۆربا و خەفەت دەخۆین، چار چییە؟ بۆ ئەوەی سکم تێر بکەم، هەر چییەک بێت، دەبێ بیخۆم، ئێمە بەندین، ژیانی بەندییش مەرگەساتە.

**کچی بچووک:** جاران دایکی ڕەحمەتیمان جوانترین سفرەی بۆ داڕازاندینەوە، برنجی بۆنداری بۆ لێ دەناین و کفتە و کەباب و دۆڵمەی بەتامی بۆ لێ دەناین، ئێستاش شۆربای بێ تام، لە بەندیخانەش جار بە جار خواردنێکی باش دروست دەکەن، ئێمەش لە ماڵی خۆمان ئابلۆوقە دراوین.

**باوک:** هەر ئەوەیە، من لەم خواردنە زیاتر نازانم، خۆ لە چێشتخانە کارم نەکردووە، ئێوەش لە ڕقی من مانتان گرتووە، خواردنی چەور و بەتام بۆ ئەو کەسانە باشە بیخۆن کە سەرودڵیان خۆشە و هیچ کێشەیان نییە.

**کچی گەورە:** ڕاستە تۆ باوکمانی، بەڵام لە دوای مردنی دایکمان دنیات بە تەنیا بۆ خۆت دەوێت، لە جیاتی ئەوەی لە جێگای دایکمان نازمان بدەیتێ و بۆشایی ئەومان بۆ پڕ بکەیتەوە، کەچی ڕووت لێمان وەرگێڕاوەو فەرامۆشت کردووین.

**کچی ناوەندی:** ئێمە دەزانین تۆ چیت لە مێشکدایە، بەڵام جارێ زووە قسەی لێ بکەین.

**کچی بچووک:** تۆ ئەو باوکەی جاران نەماوی، بە تەواوی گۆڕاوی، دڵنیام خەڵکانێک هەن فریوت دەدەن.

**باوک:** من بە کەللە و سەری خۆم بیردەکەمەوە، ئەو قسانەی ئێوە هیچ بنەمایەکی نییە، تەنیا و تەنیا بۆچوونی ڕەشبینی خۆتانە بەرانبەر بەمن.

**کچی گەورە:** هەڵسوکەوتەکانت وا دەردەخەن.

**کچی ناوەندی:** بە جەنگی دەروونی ئێمەت شێت کردووە.

**کچی بچووک:** ئەی ئەوە نییە لە ماڵەوە بەندت کردووین.

**باوک:** هەتا دژایەتیم بکەن، ئەوە حاڵتانە، ئێوە سیاسەت نازانن، هەر یەک قەوان لێ دەدەنەوە، هەر بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕق ئەستوورترم دەکەن.

**کچی گەورە:** (بۆ خوشکەکانی) وەرن با ئێرە جێ بهێڵین و بچینە ئەو دیو، لە خواردن و خواردنەوە مان بگرین تا گیانمان دێتە دەر (بە هاتوهاوار و تووڕەیی دەڕۆن).

**باوک:** (بێدەنگیان دەکات) چیتر هاوار مەکەن، دراوسێکان هەموویان لە دەستتان هەراسان بوونە، بڕۆن چی دەکەن بیکەن (جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و بیر دەکاتەوە) باش بوو هاتەوە بیرم، ئافرەتە بەخت گرەوەکە وادەم پێ داوە بێت بۆ لام، لەوانەیە لە ڕێگا بێت، بابڕۆم خۆم بگۆڕم هەر ئێستا بە دەردەکەوێت (دەڕوات بۆ ژووری نووستن... موزیکێکی هێمن).

**پیرەژنی جادووکەر:** (لە زەنگی دەرگا دەدرێ)

**کچەکان:** (وەڵام دەدەنەوە) کێیە، دەبێت کێ بێ، بزانین کێیە!

**باوک:** (بە پەلە و هاوارکردن بۆ کچەکانی) کەس دەرگا نەکاتەوە لە ژوورەکەی خۆتان نەیەنە دەرەوە و سەر دەرمەهێنن، خۆم دەرگا دەکەمەوە.

**پیرەژنی جادووکەر:** (بە نەرمە زەردەخەنەیەکەوە) سڵاوت لێ بێت.

**باوک:** یاخوا بەخێر بێی، دڵم شەقی برد، باش بوو لەکاتی خۆت هاتی.

**جادووکەر:** ئێستا بە دڵمی، باش خۆت ڕازاندۆتەوە، هەر لە زاوا دەچی.

**باوک:** دەنگت هەڵمەبڕە بە چرپە قسە بکە با کچەکانم پێمان نەزانن.

(کچەکان لەودیو پەنجەرەکەوە سەر دەردەهێنن و دەبەن)

**جادووکەر:** زۆرماندوو و شەکەتت کردم، پاداشتێکی باشم لێت دەوێ، یەک مانگە من ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵان دەکەم بەدوای ژنێکی جوان دەگەڕێم کە لە بەرچاوان بێت،

لەبەر دڵان بێت.
**باوک:** مژدەم بدەرێ چیت بۆ کردووم.
**جادووکەر:** پەلەم لێ مەکە، ئێوەمانان تەمەنتان هەیە، هەمـــوو ئافـرەتێک بە ئاسـانی ڕازی نابێت، مـەگـەر بەجادووەکانی من نەبێت.
**باوک:** هەواڵێکی خۆشم بدەرێ، جـوانتـرین خـەڵاتت پێشکەش دەکەم.
**جادووکەر:** خەم مەخۆ، ژنێکم بۆت دۆزیوەتەوە، هەر تەماشاکردنی ژنەکەی ڕەحمەتیت دەهێنێ.
**باوک:** زیاتر وەسفم بۆ بکە.
**جادووکەر:** هەر دەڵێی مـانگی تابانە، بێـوەژنێکی ئەسمەری گەرمە، باوەڕناکەم لە ژیانتدا ئافرەتێکی وا شۆخوشەنگت بەرچاو کەوتبێ.
**باوک:** تەمەنی چەندە؟
**جادووکەر:** تەمـەنی سی و پێنج ساڵە، زۆر لە تۆ بچووکترە، لە چواردە ساڵییەک دڵتەڕ و بەتامترە، دوو ساڵ لای مێردەکەی بووە، مێردەکەشی بە کارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کردووە، منداڵیشی نییە، هەر پێوەی دیار نییە کە شووی کردووە.
**باوک:** (بە زەردەخەنەوە)وا دیارە جادووەکانت کاریگەرییان لەسەر دڵی ئافرەتان زۆرە.
**جادووکەر:** تا ماوی هەر دەبێت دوعام بۆ بکەی.
**باوک:** جا خۆ هێشتا منی نەدیوە، تۆ بڵێی بە من ڕازی بێت.
**جادووکەر:** من جادووی خۆم لێ کردووە، بە هیچ شێوەیەک لەقسەی من دەرناچێ، من وەسفی تۆم بۆ کردووە و باشم بۆ ڕازاندووەتەوە.
**باوک:** دەمەوێ بە زووترین کات بیبینم و مارەی بکەم.
**جادووکەر:** (وێنەیەک دەردێنێ) ئەمە وێنەکەیەتی، فەرموو سەیری بکە، چەند نازدارە.
**باوک:** (سەیری وێنەکە دەکات) بەڕاستی نازدارە، خەریکە باڵ دەگرم، ئەی ئافەرین، بەڕاستی باشت هەڵبژاردووە، ئەو ببێتە ژنی من، لە خۆشیان لە ماڵ ناچمە دەرەوە، هەر بەرانبەری دادەنیشم.
**جادووکەر:** خەنیت دەکەم، بەڵام لە بیرمان نەکەی، چونکە زۆر ماندوو بووم هەتا ڕازیم کرد.
**باوک:** هیچ خەمت نەبێت، هەرچییەک دەفەرمووی بۆت ڕاوەستاوم.
**جادووکەر:** باش خۆت ڕازاندۆتەوە، سەر و سمێڵت جوان ڕەش کردۆتەوە، هەر دەڵێی فەریکە زاوای.
**باوک:** حەز دەکەم بچم بیبینم.
**جادووکەر:** ئێستا بە یەکەوە دەچین بۆ ماڵیان، تۆ هیچ مەڵێ، تەنیا زەردەخەنەت لەسەر لێو ببارێ.
**باوک:** زۆر باشە، من هەموو ئاماژەکان لە تۆ وەردەگرم.
**جادووکەر:** دەبا بڕۆین.
**باوک:** (دەچێتە بەردەم پەنجەرەی ژووری کچەکان) کچەکانم من دەچمە دەرەوە هەندێ کاری تایبەتیم هەیە تا دەگەڕێمەوە کەس هاتوهاوار نەکات، با کۆڵان لێمان تێ نەگات (دەڕۆن)

## دیمەنی سێیەم
(هەر سێ کچەکە لە ژیان بێزارن، چاوی خۆیان بە پەڕۆک بە ستۆتەوە و دێنە ناو هۆڵەکەوە)
**کچی گەورە:** زانیتان ئەم پیرەژنە کێ بوو.
**کچی ناوەندی:** نازانم کێ بوو، ئەوە یەکەم جارمە چاوم پێی بکەوێ، بەڵام پێ دەچوو باوکمان شتێکی لە بن سەری بێت.
**کچی بچووک:** بە چرپەچرپ قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، شتێک ڕووی داوەو هەر ئاشکراش دەبێت.
**کچی گەورە:** ئەوە پیرەژنە جادووکەرەکەی سەنتەری شارە! من زۆر جار بینیومە، ئەوە زۆر پیاو و ژنی هەڵخەڵەتاندووە و پارەی باشیش وەردەگرێت.
**کچی بچووک:** دەموچاوی هەر لە شەیتان دەچوو.
**کچی ناوەندی:** ئێستا ناسیمەوە، ئەو قۆڵی هەزاران کەسی بڕیوە، ڕاست دەکەی ئافەرین، ئەوە جادووکەرەکەی سەنتەری شارە.
**کچی گەورە:** پەلەتان نەبێت هەر چییەکیان لەبن سەر بێت، ئاشکرا دەبێت.
**کچی ناوەندی:** دڵم توندبووە، با چاومان بکەینەوە.
**کچی بچووک:** چاوت مەکەوە تا باوکمان دەگەڕێتەوە، بەم شێوەیە بمانبینێ، بۆ ئەوەی بزانێت چەند بێزارین.
**کچی گەورە:** من دڵنیام ئەو بەم شێوەیەش بمانبینێ، بەزەیی پێماندا نایەتەوە، بەڵکو دەڵێت کچەکانم شێت بوونە.
**کچی ناوەندی:** جا بەڕاستی ئێمەی شێت کردووە، تەنیا ئەوە ماوە بە کۆڵانان بکەوین.
**کچی بچووک:** ئەم ژیانە بەم جۆرە ناچێتە سەر.
**کچی گەورە:** منیش هەر بیردەکەمەوە ڕێگەچارەیەک

بدۆزینەوە بۆ خۆ ڕزگارکردن، هیچ تروسکاییەکیش نابینم.

(لە دەرەوە دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە دێت، سێ کچەکە هەر یەکەو بە لایەکدا دەکەوێت، پاشان دەنگی هاتوهاوار و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن ئاوێتەی یەکتر دەبن).

**کچی گەورە:** چاوتان بکەنەوە. (چاویان دەکەنەوە)

**کچی ناوەندی:** ئەی هاوار فریاکەون خوشکی بچووکمان بووراوەتەوە.

**کچی گەورە:** (بۆ لای خوشکی بچووک دەچێت و هاوار بۆ خوشکی ناوەندی دەبات) زوو پەرداخێک ئاوم بۆ بێنە با پێیدا بکەم، خودایە فریامان بکەوە، ئەم تەقینەوەیە کارەساتێکی گەورەیە، خوا دەزانێت ئێستا چەندان مرۆڤی بێتاوان بەرکەوتوون.

**کچی ناوەندی:** مەترسە گیانەکەم بە قوربانت بم، لە ماڵی خۆمانین.

**کچی بچووک:** چی ڕووی داوە، بۆ لەسەر سەرمن؟

**کچی گەورە:** خۆت هێور بکەوە، هەمدیسان تەقینەوەیە، شوکر ئێمە باشین، سەلامەتین، باوکمان لە دەرەوەیە، خودایە بیپارێزی، هەرچەندە زۆر خراپە لەگەڵمان، بەڵام باوکمانە.

**کچی ناوەندی:** ئەو پیرەژنە وەکو شەیتان، لە بن گوێی باوکمانی خوێند و بردییە دەرەوە، دەبێت ئێستا چی بەسەر هاتبێ!؟

**کچی بچووک:** من ئێستا هاتمەوە سەر خۆم، بەڵام خەمی باوکمە.

**کچی گەورە:** بزانە، ئێمە هەر سێکمان چەند خەمی باوکمانە، کەچی ئەویش بە هەموو شێوەیەک سزامان دەدات.

**کچی ناوەندی:** باوکمان جاران وانەبوو، لەگەڵ مردنی دایکمان گۆڕا، جاران ئێمەی لەسەر سەری خۆی دادەنا، نازانم بۆ وا گۆڕاوە، بۆ شێتایەتی گرتوویەتی؟

**کچی گەورە:** (دەچێتە بەردەم ئەو پەنجەرەیەی دەڕوانێتە دەرەوە) لەسەنتەری شار ئاگر و دووکەڵێکی زۆر گەورە دیارە، خودایە بە خێری بگێڕی.

**کچی بچووک:** خودا دەزانێت ئێستا چەند کەس کوژراوە، چۆن هەواڵێکی باوکمان بزانین.

**کچی ناوەندی:** چار نییە، دەبێت چاوەڕوان بین.

**کچی گەورە:** هەموو ژیانمان بووەتە چاوەڕوانی و هیچ تروسکاییەکیش بە دەرناکەوێت.

**کچی بچووک:** ئێستا دەبوایە هەر سێکمان شوومان بکردبا و لە ماڵوحاڵی خۆمان باین، ئەو ڕۆژە کەی دێت تارای بووکێنی بپۆشین و بچینە ناو ژیانی تایبەتی خۆمان.

(لە دەرەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هەلهەلەی ئافرەتان دێت)

**کچی بچووک:** ئەم دەنگە چەند خۆشە، دەمێکە گوێمان لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و ئاهەنگ نەبووە.

**کچی ناوەندی:** هیچ خۆشییەک بە ئێمە نابەخشێ، شادی خەڵکی بە ئێمە چی.

**کچی گەورە:** شایی و سەما خۆشترین ساتن لە ژیانی مرۆڤدا.

**کچی بچووک:** وەرن با بچین خۆمان بڕازێنینەوە و جلی ئاهەنگ لەبەر بکەین و بیکەینە شایی و زەماوەند.

**کچی ناوەندی:** ئەمەش یارییەکی شێتانەیە.

**کچی گەورە:** دڵت ناشکێنین لەبەر دڵی تۆ وا دەکەین.

(هەر سێکیان دەچن جلوبەرگیان دەگۆڕن، پاشان دێنەوە ناو هۆڵەکە لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕناکەی دەرەوە، شایی دەکەن و جار جاریش لە پەنجەرەکەوە سەیری خەڵکی کۆڵان دەکەن کە ئاهەنگ دەگێڕن).

(باوک کە زاوایە لەگەڵ بووک و پیرەژنی جادووکەر دێنە ماڵەوە، جادووکەرەکە هەلهەلەیەک لێ دەدات).

**باوک:** ئافەرین کچە شیرینەکانم، بەختەوەرم کە خۆتان ڕازاندۆتەوە و بە بۆنەی ژن هێنانی باوکتان شایی و سەما دەکەن.

**جادووکەر:** ئەوە ژنی تازەی باوکتانە، وەرنە پێش پیرۆزبایی لێ بکەن.

**بووک:** هیوای بەختەوەریتان بۆ دەخوازم، بە دیتنتان خۆشحاڵم.

**کچی گەورە:** ئەی پیرەژنی جادووکەر، ئەوەشت کرد، دەمانزانی تۆ بەزمێکت لەبن سەرە، هەتا زووە لە ماڵەکەمان بڕۆ دەرەوە.

**باوک:** ئەوە بۆ ئەوەندە بێ شەرمی، ئەوە ماڵی منە، لەو ماڵەدا کەس بۆی نییە میوان دەربکات.

**کچی ناوەندی:** ئێمە هەموومان خاوەنی ئەم ماڵەین، نابێ بزانین ئەو ئافرەتە کێیە، چۆن بەبێ پرسی ئێمە، ژنی بێگانە دەهێنیتە ناو ماڵەکەمان.

**کچی بچووک:** بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابین ژنێک بێتە ئەم ماڵە کە ڕەزامەندی ئێمەی لەگەڵ نەبێ.

**کچی گەورە:** باوکی دڵڕەقمان، تۆ شووکردنت لە ئێمە قەدەغە کردووە، ئەی بۆ ژنت بۆ خۆت هێناوە، دیارە ئێمە

هەست و سۆزمان نییە و مرۆڤ نین.
**جادووکەر:** بارودۆخەکە ئاسایی بکەنەوە، کێشە مەنێنەوە، پەیمان بێت من لە نزیکترین کاتدا هەرسێکتان بە شوو دەدەم، باوکیشتان لە قسەی من دەرناچێت. ئەمە دایکی نوێتانە، دایکێکی میهرەبانە، لە سێبەریدا دەحەسێنەوە.
**کچی بچووک:** هەی پیرەژنی جادووکەر، ئەم بەزمە هەمووی لەبن سەری تۆیە، (بۆ باوکی) تۆ ئەی باوکی دیکتاتۆرمان خۆ ئێمە دار و بەرد نین، بۆ پرست پێ نەکردین.
**باوک:** بۆیە پرسم پێ نەکردن، چونکە دەمزانی ڕازی نابن و کێشەتان بۆ دەنامەوە.
**کچی ناوەندی:** کەواتە تۆ دیکتاتۆری، تەنیا و تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی و ئارەزووی خۆت هەموو شتێک دەکەی.
**باوک:** ئەو مەسەلەیە تەنیا پێوەندی بە خۆمەوە هەیە، من دەزانم بەرژەوەندی من لە کوێدایە.
**کچی گەورە:** نەخێر پێوەندی بە هەموومانەوە هەیە، چونکە هەموومان لەو ماڵە دەژین.
**باوک:** ئێستا کاتی ئەم دادگاییە نییە، لە جیاتی ئەوەی پێتان خۆش بێت کە باوکتان ژنی هێناوە، سەرکۆنەم دەکەن.
**کچی ناوەندی:** تەنیا بزانین ئەم پیرەژنە جادووکەرەت چۆن دۆزییەوە و ئەم داخوازییەت چۆن کرد.
**بووک:** حەز دەکەم کەس لەسەر من کێشە نەنێتەوە، ئەگەر هەمووتان ڕازی نەبن من نایەمە ئەو ماڵەوە، ئەگەر بمزانیبا کێشە هەیە بە هیچ جۆرێک شووم پێ نەدەکرد.
**باوک:** نا نا خۆت سەغڵەت مەکە، ئەوە تەنیا ورێنەیە دەیکەن.
**پیرەژنی جاودووکەر:** گوێی مەدەنە گلەیی، گازاندە هەر دەبێت، منیش بمزانیبا پرسی بە ئێوە نەکردووە، ژنم بۆ نەدەدیتەوە.
**باوک:** هیوادارم لە یەکتر تێ بگەین، بووکێ تۆ دڵت هیچ نەکات، من خۆم بارەکە ئاسایی دەکەمەوە.
**پیرەژنی جادووکەر:** وا بزانم باوکتان کارێکی خراپی نەکردووە، دەبێت ئێوەش پێتان خۆش بێت.
**کچی گەورە:** دەتەوێ پێ لە جەرگی خۆمان بنێین، ئەم کارە مەحاڵە.
**کچی ناوەندی:** ئەم ژنەت تەنیا پیرۆزی خۆت بێت، پێوەندی بە ئێمەوە نییە.
**کچی بچووک:** ماڵ بەخۆی نەبوو، میوانیشی هات.
**پیرەژنی جادووکەر:** ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە، کاتی ئەوەیە پیرۆزبایی لەو بووکە و لە باوکتان بکەن و یەکتر ماچ بکەن.
**کچی گەورە:** ئەگەر ئەو بووکە نەخوازراوە نەچێتە دەرەوە، من خۆم دەسووتێنم.
**کچی ناوەندی:** هەتا زووە ماڵەکە بەجێ بهێڵن، ئەگەرنا خۆم دەخنکێنم.
**کچی بچووک:** منیش بە چەقۆ هەموو گیانم بریندار دەکەم.
**باوک:** (بۆ جادووکەر) وازیان لێ بێنە، ئەوانە زۆر کەللەڕەقن، ئێستا چی بکەین.
**پیرەژنی جادووکەر:** لێیان گەڕێ، تووڕەییەکەیان لە ڕادەبەدەرە، ئێستا دەتانبەم بۆ ئوتێل، دوو سێ شەو لەوێ بمێننەوە تا دۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە.
**باوک:** کەواتە بابڕۆین (بووک و زاوا و جادووکەر لە ماڵەکە دەردەچن)
(کچەکان دەڕۆن بۆ ژووری نووستن بۆ خۆ گۆڕین، ڕووناکی بەتەواوی نامێنێ).

### دیمەنی چوارەم

هەر سێ کچەکە جلوبەرگی باوکیان (پیاوان) لەبەر دەکەن و بە ئارایشت سمێڵ بۆ خۆیان دادەنێن و بە شێوەیەکی بێ هوودە دێنە ناو هۆڵەکەوە.
**کچی گەورە:** من برا گەورەتانم، هەر چییەکم وت کەس نابێت قسە لە قسەم بکات، هەر چییەکتان لێ داوا بکەم، دەبێت جێبەجێی بکەن.
**کچی ناوەندی:** باشە بەسەرچاو.
**کچی بچووک:** حەز دەکەی زەلامت بۆ دەکوژین.
**کچی گەورە:** دەمەوێ هەر ئازا و چاونەترس و بوێر بین، نابێت کەس فێڵمان لێ بکات، دەبێت یاریکەرێکی باش بین.
**کچی بچووک:** پێتان خۆشە یاری شەترەنج بکەین، ئەگەر حەزتان لێیە ئەوەتانێ لە ژووری باوکمان دەیهێنم.
**کچی ناوەندی:** بە مەرجێک ئەو یارییە دەکەین، ئەوی بیباتەوە، دەسەڵاتی ئەم ماڵەی پێ دەدرێت.
**کچی گەورە:** من لە هەمووتان گەورەترم، دەبێت دەسەڵات هەر لە دەستی من بێت.
**کچی بچووک:** تۆ بە تەمەن لە ئێمە گەورەتری، بەڵام لەوانەیە وەکو ئێمە لێزان نەبی.

**کچی ناوەندی:** (بۆ کچی گەورە) ئێمە دوو دەنگین، ئەم مەرجەمان داناوە، تۆش دەبێت قبووڵی بکەی.

**کچی گەورە:** لە ئێستاوە خەریکە خۆتان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی لێم ببەنەوە و دەسەڵاتم لێ وەربگرن، بە هیچ شێوەیەک قبووڵم نییە.

**کچی بچووک:** کەواتە تۆ بڕوات بە دیموکراسییەت نییە، بە هەڵبژاردن نییە.

**کچی گەورە:** دیموکراسییەت و هەڵبژاردن تەنیا دروشمە، لە پێناوی سیاسەتە، بۆ چەواشەکردنی خەڵکی سادە و ساکارە.

**کچی ناوەندی:** تۆ حەزت لە دەسەڵات و کورسییە.

**کچی گەورە:** ئەگەر دەسەڵات و کورسیش نەبێت، کەس ڕێزمان لێ ناگرێت، من هێشتا کورسییەکەی خۆم بەتەواوی گەرم نەکردووە، چۆن دەستبەرداری دەبم.

**کچی بچووک:** تۆ دەنگی ئێمەت بەلاوە گرنگ نییە، چۆن متمانەت پێ بکەین؟

**کچی گەورە:** من بڕوام بە بردنەوە و دۆڕاندن نییە، بڕوام بە مانەوە هەیە بە هەر نرخێک بێت.

**کچی ناوەندی:** کەواتە تۆ هەموو شتێک دەکەی لە پێناوی مانەوەی خۆت.

**کچی بچووک:** دیارە تۆ ناتەوێ بێیتە ناو ئەو یارییە.

**کچی گەورە:** ئێوە بە یەکەوە یاری بکەن و خۆتان یەکلابکەنەوە، من لەگەڵ براوە یاری دەکەم.

**کچی ناوەندی:** ڕازین، بەڵام پەشیمان نەبیتەوە.

**کچی بچووک:** وا دەچم شەترەنجەکە دەهێنم (دەڕوات)

**کچی ناوەندی:** منیش دەچم قاوەتان بۆ دەهێنم.

(کچی ناوەندی و کچی بچووک یارییەکە دەکەن)

(موزیک)

**کچی گەورە:** (دێتە پێشەوەی شانۆ) گرنگ ئەوەیە توانیم ئەوانە خەریک بکەم، ئێستا ئەوان دەکەونە ناو ململانێیەکی قووڵ، بەهیچ شێوەیەک منیان لەبیر نامێنێ، ئێستا ئەوان دژایەتی یەکتر دەکەن، ئەگەر کێشەش کەوتە نێوانیانەوە، من وەکو ناوبژیوانێک وایان لێ دەکەم، کێشەکەیان یەکلا نەبێتەوە و ببنە دوژمنی یەکتر، لە یاری کردندا، سۆز و بەزەیی مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبات، دەبێت مرۆڤ دڵی ڕەق بێت تاکو بەزەیی بەکەس نەیەتەوە، ئەوەش سیفاتی گەورە سیاسەتمەدارانی جیهان بووە، لەکاتی شەڕ و ئاشتیدا، هەر دەبێت درۆزانێکی باش بم، دەبێت کەس بە ئاسانی لە وشەکانم تێ نەگات، تاکو بیرکردنەوەی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە و فیکریان خەریک بکات و سەریان لێ بشێوێنم و هەردەم بیریان لای من بێت و چاویان لە دەستی من بێت و لە فەرمانەکانم دەرنەچن و گوێڕایەڵ بن، خەڵکی ئێمە سادە و ساکارن، دەتوانم بە ئارەزووی خۆم بە هەر ئاراستەیەک بێت، بیانبەم و بیانهێنم.

**پیرەژنی جادووکەر:** (لە ناکاو بەبێ دەنگی دێتەوە ژوورەوە، کچی گەورە هەر لەسەر قسەکانی بەردەوامە، بە پچڕ پچڕ بەر گوێی بینەران دەکەوێ)

ئەوە چییە لەبەر خۆتەوە قسە دەکەی، تێناگەم بۆ جلی پیاوانتان پۆشیوە، وابزانم ئێوەش عەقڵتان لەدەست داوە و تووشی نەخۆشی دەروونی هاتوون.

**کچی گەورە:** ئەوە بۆچی، هاتووی، چیت لە باوکمان کرد، بۆ وازمان لێ ناهێنی.

**پیرەژنی جادووکەر:** باوکتان لە مانگی هەنگوینیدایە، هەواڵی خۆشم هێناوە بۆ ئێوە، بەڵام بەپارەیە.

(لەو کاتەدا دەنگی تەقەی خۆشی دێت، هەر سێ کچەکە بەرەو پەنجەرەکە دەڕۆن و سەیری دەرەوە دەکەن)

**پیرەژنی جادووکەر:** دڵتان هیچ نەکات، ئەمە تەقەی خۆشییە.

**کچی گەورە:** تەقەی خۆشی، بە چ بۆنەیەک.

**کچی بچووک:** ئێمە ئاگامان لە بۆنەکان نەماوە.

**کچی ناوەندی:** ئێمە لە دنیای دەرەوە دابڕاوین.

**پیرەژنی جادووکەر:** میری ولاتمان ژنی چوارەمی هێناوە، ئەمشەو بەزاوا دەبێت، بەم بۆنەیەوە، تەقەی خۆشی دەکرێت.

**کچی گەورە:** دیارە میری گەورەمان هێشتا بەکارە.

**کچی ناوەندی:** ئێ خۆ یاسا فرەژنی قەدەغە کردووە.

**کچی بچووک:** یاسا تەنیا بۆ خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووتە.

**پیرەژنی جادووکەر:** واز لەم قسانە بێنن، بڕۆن خۆتان بگۆڕن، هەواڵی خۆشم بۆ هێناون.

(هەر سێ کچەکە دەچن خۆیان دەگۆڕن و دێنەوە ناو هۆڵەکە)

**پیرەژنی جادووکەر:** دەبێت وایان لێ بکەم، نەتوانن بە هیچ شێوەیەک لە قسەم دەربچن، دەبێت جادوویەکیان لێ بکەم بەتەواوی بکەونە ژێر کۆنترۆڵی من و فێرە ڕابواردنیان بکەم، پارەیەکی باشیان لێ وەربگرم، ئەم زەمانە زەمانی پارە و سامانە، (پێدەکەنی، زەنگی تەلەفۆنی بۆ دێت، مۆبایلەکەی دەردێنێ) بەڵێ فەرموو، کێی جەنابت، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی...،

بەڵێ، چی بووە، زاوا جەڵتە لێی داوە، زۆر پەرپووە، باشە، هەر ئێستا دێم بۆ نەخۆشخانە (لەبەر خۆیەوە) ئەوە باوکیان جەڵتەی لێی داوە، دیارە ئەو بووکە نەگبەتییە زۆر ماندووی کردووە، ئەوە سێ ڕۆژە لە ئوتێل نەهاتوونەتە دەرەوە، ئەو پیاوە بەرگەی ئەو هەموو جووت بوونە ناگرێت خۆ چواردە ساڵان نییە، جا ئێستا من چی بکەم، چی بە کچەکانی بڵێم، دەترسم پێی بزانن لە خەفەتان بمخنکێنن، نا نا، باشتر وایە ئەوان پێی نەزانن، باشتر وایە بەسەر خۆم نەهێنم و خۆم ئاسایی بکەمەوە، ئەوە هاتن (هەر سێ کچەکە دێنە لای)

**کچی گەورە:** چۆنە هاتووی؟

**کچی بچووک:** دڵنیام کارێکت هەیە.

**کچی ناوەندی:** چیت لێمان دەوێ پێمان بڵێ.

**پیرەژنی جادووکەر:** هاتووم بە شووتان بدەم، گەنجی زۆر قۆز دێنە لام، بە دوای ژن دەگەڕێن، ئێوەش یەک لە یەک جوانترن، شایستەی ئەوەن بە جوانترین کوڕی ئەم شارە بە شووتان بدەم.

**کچی گەورە:** ئێمە بۆ شووکردن مەرجی خۆمان هەیە.

**پیرەژنی جادووکەر:** ئەوەیان ئاسانە، دواتر قسەی لێ دەکەین، ئەوەی گرنگە هەر یەکەو چەند وێنەیەکی خۆتانم پێ بدەن، هەتا پیشانیان بدەم.

**کچی ناوەندی:** چۆن متمانەت پێ بکەین، وێنەکانمان بکەوێتە بەر دەستی پیاوان.

**پیرەژنی جادووکەر:** ئەم وێنانە لای من دەپارێزرێن، کەس بۆی نییە بیانبات.

**کچی بچووک:** من کوڕێک نەناسم و نەمناسێت، چۆن شووی پێ بکەم! چۆن بتوانم بە ڕواڵەت خۆشم بوێ.

**پیرەژنی جادووکەر:** لەوانەیە خۆشەویستی لە یەکەم چاوپێکەوتنندا دروست ببێ، من ڕێگەتان بۆ خۆش دەکەم، ئێوە لەناو چوار دیواری ماڵدا هەروا دەمێننەوە، ئێوە پێوەندیتان لەگەڵ دەرەوە پچڕاوە.

**کچی گەورە:** ئەی نابێت باوکمان پێی بزانێت؟

**پیرەژنی جادووکەر:** نەمویست پێتان بڵێم باوکتان وەزعی باش نییە.

**کچی ناوەندی:** چی بەسەر هاتووە.

**کچی بچووک:** چی لێ قەوماوە.

**پیرەژنی جادووکەر:** کە ئێوە خەریکی خۆ گۆڕین بوون، بە مۆبایل پێیان ڕاگەیاندم کە باوکتان بردراوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن، جەڵتەیەکی سووک لێی داوە.

**کچی گەورە:** بزانە خوای ئێمە چی بەسەر هێنا، ئەی باوکە بۆ وات لە خۆت کرد (دەگری).

**کچی بچووک:** باوکە لەگەڵ هەموو زوڵمەکانت، بەڵام هەر دڵمان بە تۆ خۆش بوو(دەگری).

**کچی ناوەندی:** پیرەژن تۆ وات کرد باوکمان جەڵتە لێی بدا، تۆ تووشی ژن هێنانت کرد (دەگری).

**کچی گەورە:** (بۆ خوشکی ناوەندی) با بڕۆین بۆ نەخۆشخانە فریای بکەوین.

**کچی بچووک:** منیش دێم.

**کچی گەورە:** تۆ لە ماڵەوە بە، ئاگاداری خۆت بە.

(کچە گەورە و ناوەندییەکە بە گریان و خێرا دەڕۆن)

**پیرەژن:** (بۆ کچە بچووکەکە) خەم مەخۆ، باوکتان دەگەڕێتەوە ناو ماڵتان، هیچ نییە، جەڵتەیەکی سووکە.

**کچی بچووک:** حەزم دەکرد منیش چووبام، چاوم بە باوکم بکەوتایە، ژیانمان هەمووی نەهامەتییە، دڵم زۆر تەنگە.

**پیرەژنی جادووکەر:** دڵت تەنگ مەکە، هیچ نییە، باوکت چاک دەبێتەوە، ڕۆژە خۆشەکان چاوەڕوانمانن، دەتکەم بە بووکی بووکان، حەزم نەکرد لە پێش خوشکەکانت پێتدا هەڵ بدەم، تۆ لە هەردووکیان جوانتر و ناسکتر و بەرچاوتری، کوڕێک دەناسم بەدوای کچێکی وەکو تۆدا دەگەڕێت، چەندان کچیان بۆ دۆزیوەتەوە بە دڵی نەبووە، گەنجێکی چەندی بڵێی قۆزە، لە خێزانێکی دەوڵەمەندە، ئێستا چاوی پێت بکەوێت، دڵنیام شێت و شەیدات دەبێت، زۆر حەزی لە گەشت و سەیرانە، هەموو ئەورووپا گەڕاوە، ئەگەر بە گوێم بکەی ئێستا پێوەندی پێوە دەکەم، ها چی دەڵێی؟.

**کچی بچووک:** من خەریکە دڵم شەق دەبات، خەریکە بەلا دادێم کەی کاتی ئەوەیە.

**پیرەژنی جادووکەر:** ئێستا باشترین کاتە، چونکە کەستان لە ماڵ نییە، تەنیا دەمەوێت ماوەی پێنج خولەک چاوی پێت بکەوێ، بە قسەم بکەی قازانج دەکەی، لەو بەندیخانەیە ڕزگارت دەبێت، دوودڵ مەبە، بڕیار بدە.

**کچی بچووک:** ئەوکوڕە کێیە؟

**پیرەژنی جادووکەر:** ئەو کوڕە دەست ڕۆیشتووە، لە ڤیلاکانی بەرزایی شار دەژی، گرانبەهاترین ئۆتۆمبێلی هەیە، کوڕێکی عاشقەو شایستەی تۆیە.

**کچی بچووک:** ئاخر، حەزناکەم بەم وەزعەوە بمبینێ، سەرو قژم تێک چووە، چاوەکانم قەتیس ماون، خۆم ئامادە نەکردووە.

**پیرەژنی جادووکەر:** (پێدەکەنێ) قسە هەزارە یەکی بەکارە، ئەو هەموو لێکدانەوەیەی ناوێ، تۆ برۆ خۆت بگۆڕە و خۆت برازێنەوە، منیش پێوەندی پێوە دەکەم تا تۆ بەخۆت دەکەوی، ئەو لێرە ئامادەیە.

**کچی بچووک:** نازانم چ بڵێم، تۆ وازم لێ ناهێنی.

**پیرەژنی جادووکەر:** نەخێر وازت لێ ناهێنم، چونکە بەرژەوەندی تۆم دەوێ.

**کچی بچووک:** بە مەرجێک تەنیا یەکتر ناسین بێت، زۆریش نەمێنێتەوە، چونکە خوشکەکانم بمانبینن متمانەیان پێم نامێنێ.

**پیرەژنی جادووکەر:** خەمت نەبێت، تەنیا دەتبینێ و دەڕوات، دەبرۆ خۆت ئامادە بکە با کات بە فیڕۆ نەدەین.

**کچی بچووک:** باشە (دەڕوات خۆی ئامادە بکات)

**پیرەژنی جادووکەر:** (دێتە پێشەوەی شانۆ) ئەو کچە زۆر کەللەڕەقە، باش بوو ڕازیم کرد، با بە مۆبایلێک زەنگێک بۆ ئەو کورە لێ بدەم، کورێکی چەورە (بە مۆبایل قسەی لەگەڵ دەکات) کوڕی قۆز چۆنی، لە کوێی، گوێم لێ ڕابگرە، کچێکی نازدار بە داوەوە بووە، (پێدەکەنێ) چی؟ خەمت نەبێت کەسیان لە ماڵ نییە، هەر من و ئەوین، ناوونیشانی ماڵیان! زۆر ئاسانە (دەنگی موزیک بەسەر قسەکانی زاڵ دەبێت، بەردەوامە لە قسەکردن... مۆبایلەکەی دەخاتەوە گیرفانی) وابزانم باوکی زاوایان جارێکی تر هەڵناسێتەوە، جا من چی بکەم، خۆ من پێم نەگوتبوو هەر خەریکی جووت بوون بێ، ئەی نابێت حسابێک بۆ تەمەنی خۆی بکات، وابزانم سەری زاوام خوارد (پێدەکەنێ) من پارەی خۆم وەرگرت، ئەویش کەیفی خۆیەتی، هەر زاڵمێک زەواڵی خۆی هەیە (زەنگی دەرگا لێ دەدرێت و پیرەژن دەرگا دەکاتەوە).

**گەنجەکە:** (سەرخۆشە) ئەوکاتەت باش.

**پیرەژنی جادووکەر:** بەخێر بێی، زووکە وەرە ژوورەوە، ئەوە چیتە دیسان سەرخۆشی، بێنە برێک پارەی باشم بدەرێ، ئارەقەی ڕەش و شینم کردووە هەتا ڕازیم کردووە.

**گەنجەکە:** (سەفتەیەک پارە دەردێنێ) بگرە ئەوە هەمووی بۆ تۆ.

**پیرەژنی جادووکەر:** وەرە لەسەر ئەم کورسییە دانیشە، ئێستا بانگی دەکەم، پیرەژن دەچێتە بەردەم ژووری نووستن، زووبە نازدار حەیران، یارەکەت هاتووە، وەرە بەخێرهاتنی بکە.

**کچە بچووکەکە:** (خۆی جوان ڕازاندۆتەوە و دێتە ناو هۆڵ) بەخێر بێی.

**گەنجەکە:** خۆش بی، (جوان سەیری دەکات) بەڕاستی نازداری.. زۆر ئافەرەتم بینیوە، بەڵام جوانی وەکو تۆم نەبینیوە، فەرموو وەرە لام دانیشە.

**کچە بچووکەکە:** حەز ناکەم.

**گەنجەکە:** من دێمە لات (لێی نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت ماچی بکات).

**کچە بچووکەکە:** ماچم مەکە، هێشتا یەکترمان نەناسیوە.

**پیرەژنی جادووکەر:** شەرم مەکە، خۆ دنیا خراپ نابێ، دڵی مەشکێنە ماچێکی بدێ.

**گەنجەکە:** دڵەکەم با بچین بۆ ژووری نووستن تێر تێر بۆنت بکەم.

**کچە بچووکەکە:** تۆ سەرخۆشیت ئاگات لە خۆت نییە چی دەڵێی.

**گەنجەکە:** من خەریکە بۆت شێت دەبم (دەست لە ملی دەکات)

**کچە بچووکەکە:** لێم دووربکەوە، بۆنێکی زۆر ناخۆشت لێ دێ.

**گەنجەکە:** (توند دەیگرێ و ڕای دەکێشێ بەرەو ژووری نووستن) بە قوربانی ئەو بەژن و باڵایەت بم.

**کچە بچووکەکە:** (تووڕە دەبێت) بەرم بدە، تۆ نیازت خراپە، دەتەوێ ڕابوێری.

**گەنجەکە:** تکایە بە هەڵە تێ مەگە، من تۆم خۆش دەوێت، (دەستی ڕادەکێشێ و دەیبات بۆ ژووری نووستن).

**کچە بچووکەکە:** (قیژەیەک لێ دەدات) پیرەژنی جادووکەر چیت بەسەر هێنام، تووشی چیت کردم، دەتەوێت ئابڕووم ببەی، هەی بێ ئابڕوو.

**پیرەژنی جادووکەر:** ئەوە بۆ وا تۆقیوی، چی لێ کردووی.

**کچە بچووکەکە:** (هاوار دەکات) دەستبازی مەکە، جلم لەبەر مەکەوە، هەی بێ شەرەف.

**گەنجەکە:** وازی لێ ناهێنێ.

(دەنگی موزیکێکی ترسناک و قیژەی کچەکە تێکەڵ بە یەکتر دەبن، پیرەژنیش لە ناو هۆڵەکە چاودێرییان دەکات و دێت و دەچێت، پاش کەمێک دوو کچەکە بە گریان دێنە ژوورەوە و باری دەروونیان تێک چووە).

**کچی گەورە:** (بە شپرزەییەوە) چی قەوماوە، باوکمان

تۆ خۆش بی، تۆ هۆکاری مردنی باوکمانی، ئافرەتی لەشفرۆشت کردووە بە ژنی و حەبی ڤیاگرای پێ داوەو تووشی جەڵتە بووە، (پەرێک دەردێنێ) ئەوەش ڕاپۆرتی پزیشکی، قوڕت بەسەری ناتوانی لەبەردەستمان دەرباز بی.

**کچی ناوەندی:** شکاتمان لێت کردووە و سکالامان لەسەر تۆمار کردووی، هەر ئێستا پۆلیس دەگاتە سەرت تۆ تاوانباری، تۆ ستەمکاری.

**کچی بچووک:** (قیژەیەک لێ دەدات).

**کچی گەورە:** ئەوە چی لەو ماڵەدا قەوماوە، کوا خوشکی بچووکمان.

**پیرەژنی جادووکەر:** من ئاگام لە هیچ نییە، لەوانەیە دز هاتبێتە ماڵەکەتان.

**کچی گەورە:** (سینگی پیرەژنی جادووکەر ڕادەتەکێنێ) چیت لە خوشکمان کردووە، هەی جادووکەری بێ ویژدان (بە هەردوو دەستی دەیگرێت).

**کچی ناوەندی:** (دەنگەکە لە ژووری نووستنە، بە پەلە بەرەو ژووری نووستن دەڕوات، کە ئەو دیمەنە دەبینێ کە گەنجەکە دەمی خوشکەکەیانی بەستۆتەوەو جلی لەبەر کردۆتەوەو بەزۆری دەیەوێ لەگەڵی ڕابوێرێت، هاوار دەکات) ئەی هاوار چیمان بەسەر هات.

(دەنگی ئۆتۆمبێلی نەژدە دێت، سێ پۆلیس دەمانچەیان سوار کردووە، دێنە ژوورەوە)

**کچی گەورە:** (ئاماژە بە پیرەژنی جادووکەر دەکات) ئەوە تاوانبارەکەیە بیگرن ڕزگاری مەکەن، ئەو پیرەژنە، باوکمانی فەوتاند و پارەیەکی زۆریشی لێ وەرگرتووە.

**کچی ناوەندی:** زووکەن ئەوەش تاوانبارێکی تر لەو ژوورەیە ئابڕووی خوشکەکەمانی بردووە و دەیەوێت بیخنکێنێت.

**پۆلیس١:** پیرەژنەکە دەگرێت و کەلەپچەی دەکات.

**پۆلیس ٢+٣:** کچە بچووکەکە لە دەستی گەنجەکە دەردێنن کە چەقۆیەکی بە دەستەوەیە و چەقۆکەی لە دەست دەردێنن و کەلەپچەی دەکەن.

**کچی بچووک:** (تەنیا جلی بنەوەی لەبەر ماوە، تەنگە نەفەسە، دەموچاوی بریندارە و خوێنی لێ دێت) کاکی پۆلیس ئەو پیرەژنە دەبێت لە سێدارە بدرێت. هەڵی خەڵەتاندم بە فێڵ ئەو پیاوەی هێنا ماڵەکەمان بۆ ڕابواردن، ئەو پیرەژنە ئابڕووی بردم، ئەو پیاوەش هەر وەکو ئاژەڵ پری دامێ، ویستی ئابڕووم ببات و بمخنکێنێ، (دەگری) ئەی هاوار چیم بەچاوی خۆم بینی، ئەژدیها، دڕندە، مرۆڤخۆر.

**پۆلیس١:** ئەوانە بە سزای خۆیان دەگەن، یاسا سەروەرە.

**پۆلیس٢:** بە چاوی خۆمان کارەساتەکەمان بینی.

**پۆلیس٣:** وێنەکان خۆیان دەدوێن.

(پۆلیسەکان پیرەژنی جادووکەر و گەنجەکە بە پێش خۆیان دەدەن و دەیانبەن).

### دیمەنی پێنجەم

(بەهۆی ئامێری دووکەڵ، فەزای شانۆ (ماڵەکە) هەمووی دەبێتە تەم، چاو چاو نابینێ، سێ کچەکە هەر یەکەو لایەکی بەدەستەوەیە، موزیکێکی ترسناک ئاوێتەی بینراوەکانی ئەم دیمەنە دەبێت).

**کچی گەورە:** بڕۆن جانتاکان بێنن، جلوبەرگەکان بپێچنەوە.

**کچی ناوەندی:** بۆ کوێ بڕۆین.

**کچی بچووک:** سەری خۆمان بۆ کوێ هەڵگرین.

**کچی گەورە:** هەر دەبێت بڕۆین، لێرە ترووسکایی بەدی ناکەین، ئێرە سەرتاپای تەمە، دەڕۆین بە دوای ژیاندا دەگەڕێین.

**کچی ناوەندی:** ئەی چی لە یادگارییەکانمان بکەین، هەمووی لێرەن.

**کچی بچووک:** ئێمە لێرە لە دایک بووین و گەورە بووین، با لێرەش بمرین.

**کچی گەورە:** لەو ماڵەدا ژیان هیچ مانایەکی نەماوە، لەو ماڵەدا نەهامەتییەکان بەدوای یەکەوە ریزیان گرتووە، هیچ ترووسکاییەک بەدی ناکەین.

(هەر سێ کچەکە بە پەلە جلوبەرگ و شتومەکەکانیان دێنن و لە هۆڵەکەدا دەیخەنە ناو جانتاکانیان، دەنگی شەمەندەفەر دێت، هەر سێ کچەکە بە گریان و فرمێسک ڕشتنەوە دیواری ماڵەکەیان ماچ دەکەن و بەجێی دەهێڵن... ڕووناکی کز دەبێتەوە و موزیکیش وردە وردە نامێنێ).